

# لە باتی چەپکێ نێرگز

**نەسرین شاکەلی**

میوان
بەیانییان کە خۆر هەڵدێ، بە گمەی کۆترێک بەخەبەر دێم
ئێواران پەرییەک دەمخاتە سەر باڵەکانی، دەمباتە سەر ڕۆخی ڕووبارێ،
پرچم دەشوا...
شەو تۆ دێیت و لێم دەبیتە پەپوولەیەکی خەواڵوو،
دەخوازی ببمە گەڵایەکی شێدار و بتخەوێنم لە باوەشما...
ناوێرم باوەشمت بۆ بکەمەوە،
دەترسم، ئیدی سبەینێ، کۆترێک هەڵمنەسێنێ
پەرییەک نەمبا بۆ گەشتی سەر ڕۆخی ڕووبارەکان...
کەچی نە دەتوانم دەستبەرداری تۆ بم و
نە هی ئەوان...
بۆیە گشت سبەینانێ پێش خۆرهەڵات، پەپوولەیەک لە پەنجەرەکەمەوە
بە ئەسپایی،
هەڵدەفڕێ بەرەو شینایی ئاسمان!

## ئیلهامبەخشی

چ خۆشە چاوەڕوانیی تۆ!
چ خۆشە هەم بوونت، هەم نەبوونت
تۆ هەردەم گۆرانییە نەگوتراوەکەی منی
تۆ هەردەم تابلۆ نەکێشراوەکەی منی
تۆ هەردەم ڕازە ئاشکراکەی منی...
تۆ نەبی،
خەون نابینم...
تۆ ببی،
خەون بە کێوە ببینم...؟!

## لایەلایە

لاولاوێک دەکەمە پەیژە
بەرێوەم بەرەو سەربانێکی لە ڕەیحانە چێکراو،
ئاو عەتری خۆی بە سەردا دەپرژێنێ
چاوم تینووی دیتنی ئاسمانێکی ئەفسانەییە
لەوێ پەپوولە مامۆستایە
کۆتر دادوەرە
مندالْ هاووڵاتییە

* * *

بەڕێوەم، زۆر لەمێژە...
جوتێ کەوشم لەپێدایە لە پەڕەی گوڵ
قەیتانەکانی لاسکی دوو تۆڵەکەی سەوزن،
کراسێکم لەبەردایە لە خەرمانەی مانگ
دڵساردم مەکە،
تۆ لەوێ بە!
سەرم لە سەرڕانت دانێ و
گۆرانییەکم بۆ بێژە!

## ئاوێنە

جار جار دێیت و وەک کۆترە کێویلەیەک بەسەر داری ڕۆحمدا هەڵدەنیشێی
بێ مۆڵەتخواستن دەکەویتە گمە،
لە جامی تەڕی چاوەکانما بەژنی شینکەڵانەی خۆت دەبینی
لەباتی بسڵەمیتەوە
داری خەونەکانت چەکەرە دەکەن......

## پرسیار

گوێم لە ترپەی دڵتە،
سرتەکانت دەناسمەوە
گەرەکتە ببیتە میوانم
مەخابن!
داری بەر پەنجەرەکەم هێشتا بێگەڵایە...
ناکرێ من ببمە میوانی تۆ؟!



## شنەی با، ڕامانژێنە!

وەرە با لای ئەستێرەکان،
چێبکەین سەرزەوینێ!
پەلکەزێڕینە لێکەینەوە
بیکەینە پۆپەشمینێ!
بۆ باڵشتی ژێر سەرمان،
سازکەین، لە مانگ،
سەرینێ...!

## کۆڵانێکی نازهەڵگر

بەرەبەیانێ بمبە پیاسەی کۆڵانێکی تازە ئاوپرژێنکراو،
لەوێندەرێ
تۆپ و بووکەڵەی منداڵانی دوێنێ،
لە بن سێبەری دارچنارەکانیدا مابێتنەوە،
هێشتا بەنازەوە خەویان لێکەوتبێ...